هەربرینداڕێک لە پێناو خوای گەورە بریندار بکرێـت؛ ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا دێت، وبرینەکەی خوێنی لێوە دەردەچێت: ڕەنگ ڕەنگی خوێنە، وبۆن بۆنی میسکە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «هەربرینداڕێک لە پێناو خوای گەورە بریندار بکرێـت؛ ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا دێت، وبرینەکەی خوێنی لێوە دەردەچێت: ڕەنگ ڕەنگی خوێنە، وبۆن بۆنی میسکە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەزڵی جیهاد کردن لە پێناو خوای گەورە وئەو پاداشتەی بە موجاهید دەبەخشرێت ڕوونەدەکاتەوە، ئەوەی کە لە پێناو خوای گەورە بریندار بکرێت؛ بکوژرێت یان چاک بێتەوە ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا بە دروشمی جیهاد کردنەوە دێت وئەو ناڕەحەتیەی لە پێناو خوای گەورەدا تووشی بووە لێی دەردەکەوێت، بریندەکەی نوێ دەبێتەوە، خوێنی بریندەکە خوێنی ئاساییە بەڵام بۆنی میسکی لێوە دەردەچێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/2991